له کۆتایی دونیادا کەسانێك دێن کەم تەمەن ومێشك لاوازن، باشترین قسە بەکاردەهێنن لەنێو خەڵکیدا (قورئان بەکاردەهێنن)، لە ئیسلام دەردەچن هەروەکو چۆن تیر لە نێچیردا دەردەچێت

لە عەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەگەر شتێکتان بۆ بگێڕمەوە لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم-؛ ئەوا لە ئاسمانەوە فڕێ بدرێمە خوارەوە خۆشەویستترە لەلام لەوەی درۆ بکەم بەناوی ئەوەوە، وئەگەر شتێکتان بۆ بگێڕمەوە لەنێوان خۆم وئێوە؛ ئەوا جەنگ فڕوفێڵی تێدایە، گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «لە کۆتایی دونیادا کەسانێك دێن کەم تەمەن ومێشك لاوازن، باشترین قسە بەکاردەهێنن لەنێو خەڵکیدا (قورئان بەکاردەهێنن)، لە ئیسلام دەردەچن هەروەکو چۆن تیر لە نێچیردا دەردەچێت، ئیمانیان قوڕگیان تێناپەڕێنێت، لە هەرشوێنێك پێیان گەیشتن؛ بیانکوژن، کوشتنیان پاداشتە بۆ ئەو کەسەی دەیانکوژێت لە ڕۆژی قیامەتدا».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێشەوای ئیمانداران عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەگەر بیستتان کە من فەرموودە دەگێڕمەوە لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- ئەوا بزانن کە شتەکان بە خوازراوی وفراوانی باس ناکەم وهیچ ناشارمەوە؛ بەڵکو بە ڕوون وئاشکرایی هەمووی دەگێڕمەوە، ئەگەر لە ئاسمان فڕی بدرێمە خوارەوە ئاسانترە لە لام لەوەی درۆ بکەم بەناوی پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم-، ئەگەر قسەیەك بکەم لەگەڵ خەڵکی ئەوا جەنگ فڕوفێڵی تێدایە، لەوەیە شتەکان بە خوازراوی وفراوانی باس بکەم وهەندێك شت بشارمەوە، گوێم لە پێغەمبەر بووە -صلى الله عليه وسلم- کە فەرموویەتی: لە کۆتایی دونیادا کەسانێك دێن کەم تەمەن (گەنجن)، ومێشك وئەقڵ وتێگەیشتنیان لاوازە، قورئان دەکەنە بەڵگە وزۆر دەیخوێننەوە، لە ئیسلام دەردەچن وسنووردەکانی تێدەپەڕێنن هەروەکو چۆن تیر لە نێچیر دەردەچێت، ئیمانیان لە قوڕگیان ناکاتە خوارەوە، لە هەرشوێنێك گەیشتن پێیان بیانکوژن؛ چونکە کوشتنیان پاداشتە بۆ ئەو کەسەی دەیانکوژێت لە ڕۆژی قیامەتدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65868